# (کۆچێکی شووم)

عەباس باڵەک

تف لە ڕوتان
لە مێژوتان
لەڕوی ڕەشی ڕابردوتان
لەداهاتوی پڕ گومانتان

تف لە ڕوتان
لە مێژوتان
لەوردتانەوە تا درشتی
هیتلەر لەچاوتان عیسایەو
مۆسۆلینی خوای ئاشتی

تف لە ڕوتان
لەمێژوتان
نامۆن ئێوە بە ویژدان و
مرۆڤایەتی
وەستان ئێوە
لە ئەنفال خەردەل سازی ودڕندایەتی
دەبڕۆن دەی
زبڵدانەکانی مێژو
چاوەڕێی هاتنی ئێوەن
لە دەروازەی هەریەکێکیان
ڕوو ڕەشانی بەرلەئێوە
دەست لەسەر سنگ و بەپێوەن

تف لەڕوتان
لەمێژوتان
لەو مالۆسەی *
لە حۆجە هاتە سەر دونیا و
لە بالیسان و شێخ وەسان
باخی سێوو گوڵی ترشاند
لە هەڵەبجە
پێنج هەزار کۆتری خنکاند

www.kurdistannet.org کوردستان نێت